# لەپەراوێزی کۆتای هاتنی دەسەڵاتەکەی توونی بلێر



## چاوپێکەوتنی کەنالی راگەیاندنی بەریتانیا لەگەل دەشتی جەمال

27-6-2007

**رادیۆی سەرتاسەری کالیفۆر رادیوو لەپانۆرامای سیاسی سەبارەت بە کۆتای دەورەی تۆنی بلێر سەروك وەزیرانی بەریتانیا دەپرسیٚ؟**

**ئەمرۆ دەسەلاتیٚ تونی بلێر کۆتای هات ،رای گشتی بروای وایە بۆ عیراقیەکان کارێکی جدی کردوە؟**

d.jamal@ntlworld.com

بەبراوی من تونی بلێر تاوان باری جەنگە وپێویستە وەك تاوان کاری جەنگ لەدادگایەکی نیو دەوڵەتی داگای بکرێت و باجی تاوانەکانی وەربگرێت کە بەرامبەر بە خەڵکی عیراق ئەنجامی داوە.

4ساڵ بەر لە ئێستا تونی بلێر بەدوای سیاسەتەکانی ئەمریکا کەوتن لەگەڵ خەڵکی بەریتانیاو خەڵکی دنیا درۆیەکی گەورەیان کرد کە بەشەر و بەرپاکردنی جەنگ ئازادی و دیمکراسی دەبەنە رۆژهەڵاتی ناوەراستو (چەکی کۆکوژی ) لەناو دەبەن ،چەنگێکیان بەرێخست کە ئاسەوارەکەی کوشتنی بەهەزاران ئینسان و ئاوارەی ملیونی لیٚ کەوتەوە .

تونی بلێر دوای ئالوگۆرەکانی دنیاو داروخانی بلۆکی شەرق لە هاوسەنگی یەکی تازەو یاری ملهوری ئەمریکا بەسەر دنیادا راستەخۆ دوای سیاسەت تازەی ئەوکاتەی ئەمریکا کەوت لەژیر ناوی نەزمی نۆی جیهانی وبانگەشەی هێنانی دیمکراسی ،ستراتیجێکیان گرتە پێش تا لەریگای شەرەوە خۆیان بکەنە تاکە هیز بەسەر ژیانی ئابووری و سیاسی دانیشتوانی ئەم گۆی زەمینە ،عیراقیان نوقمی سیناریوویەکی رەش کرد بە بۆمبارانکردنو کوشتار و کاولکردن و تێکدانو داروخانی ژیر خانی ئابووری و تەواوی دامو دەزگا مەدەنی و خزمەتگوزاریەکان.. هیچ رۆژێك ئاوا بەفکرماندا نەدەهات سەرۆك قەوم و عەشیرەت و مەزهەب بەو شێوەیە بالأدەستبکرێت ..عیراقیان دابەش کرد هەروەك چۆن لە یوگسلافیای پێشو لەناوجەرگەی ئەوروپا خەڵکی ئەو وولاتەیان دابەشکرد بە بورسن و کراوتی و قەومەکانی تر کەوتنە گیانی یەکتری، .عیراقیشیان بەو دەردە برد ، بەسەر چەند شوعبەی قەومی مەزهەبی دابەشکردوە ئەگەر سەر بەیەکێك لەوانە نەبیت دەربەدەر دەکرێت و دەکوژرێت ،کۆمەڵگای عیراقیان ویرانکردوە دەسەلاتیان داوەتە دەست تاقمێك کە لەهیچ تاوانێك سڵ ناکەنەوە لە کۆنەپەرستانی ئیسلامی و ناسیونالیستی توند رەوەوە بیگرە تا بەکریگیراوانی ئیران وCIA وسەرۆك خێل و عەشیرەت کە تەنها بەناو حکومەتە بۆتە جیگا گاڵتەجاری هەریەکەیان لەهەوڵی بەدیهینانی بەدیلێکی کۆنەپەرستانەن لەعیراقدا ،لەکاتکدا بەملیون خەڵکی ئازادی خواز دنیای بەشەریتی موتەمەدن کەوتنە شەقامەکان و نـــا یان بەم جەنگ ووت کە بۆ خەڵك عیراق بەرپا کراوە،چ شێوێنێك سەلامەت ماوەتەوە نەك تەنها لەعیراق بەلکو لە دنیادا .

ئیدعاکانیان هەموو بەهەوادا چوو تەماشاکان بەرهەمی شکستی سیاسەتو ستراتیجی ئەمریکا لەعیراق دا رۆژهەلاتی ناوەراست بەکۆی گەیشتوە ،ئیسلامی سیاسی پیٚ بەهیز کرا وببینین لە لوبنان تا فەلەستین وعیراق چ بەلایەکیان بەسەر خەڵك هێناوە.

**باشە رژیمی سەدام بۆ خەڵکی عیراق خراپ بوو ،ئێستا یان ئەوسا کامیان باشترە ،بۆ وولاتە عەرەبیەکان چارەیەك بۆ کیشەی عیراق نادوزنەوە؟**

بەلیٚ رژیمی سەدام دیکتاتۆر بوو تا سەر ئیسقان خراپ بوو بەلاٚم ئێستا سەد بەرابەر ژیانی خەڵکی عیراق خراپتر بووە ،ئیجازەبدە رۆشنتر بلێم هەلگیرساندنی جەنگ لەعیراقدا هیچ پەیوەندی یەکی بە بوونی رژیمی سەرکوتگەری وەك سەدامەوە نەبوو خۆتان دەزانن لە خۆرهەلاتی ناوەراست وشۆینی تری جیهان پرن لەم تاوانکارانە بەلاٚم چونکە لەگەڵ

بەرژەوەندی ئێستای ئەمریکاو بەریتانیا دێنەوە شوێنیان بالأیە وئەوپەری خراپە دەکەن،جەنگی عیراق لە ئاوارەی و دەربەدەری و نائەمنی و کارەسات چی هیناوەتە بەر بیگومان خراپتر وەخراپتر بووە، ،سەبارەت بەوولأتە عەرەبیەکان ئێمە هیچ کات خوازیاری دەخاڵەتی ئەوان نیین لەعیراقدا ئێستا دوای شکستی سیاسەتەکانی ئەمریکا لەعیراقدا ورچەرخانێکی گەورە لە ناوچەکە پێك هاتووە ( دیمکراتەکان و جمهوریەکان) دوای شکستی بۆش لە هەڵبژاردن راپۆرتێکیان هێناوەتە پێش بەناوی بیکەر_هاملتۆن کە لە چەند راسپاردە پێك هاتووە بۆ رزگارکردنی ئەمریکا لەم مەزەقە گەورەیە کە تووشی هاتووە لەعیراقدا وە خەریکن دەوری ناسیونالستی عەرەبو وولاتانی دراوسێ عیراق بەشدار دەدەن لەعیراقدا ئاگادارن لە عەمان و شرم شیخ چەند شوێنی دیکە کۆنگرەی جۆراجۆریان بەست، توونی بلیر یەکێك بوو لەوانەی زۆر زوو خۆی گەیاندە ئەنجام دانی ئەم راسپاردانە بەڵام ئەوە بزانن بەشداری ئێستا وولاتە عەرەبیەکان بۆ قازانج و بەهرەبەرداری سیاسی خۆیانە لە ئەوزاعی سیاسیی عیراق و هەریەکە خەریکن جەناحێك تووند دەکەنەوە بەڵام ناکام دەمێننەوە .

ئەمەوێت ئەوەش بڵێم تەنها ئەوان نیین یاری کەری ساحەکە خەڵکی ئازادی خوازو ئینسان دۆستی عیراق وجەبهەیەکی بەرینتر لەمەیداندایە لەکریکاران و ژنان ولاوان وخەڵکی ئەوکۆمەڵگایە نۆینەرایەتی دەکات ئەویش رێکخراوی کۆنگرەی ئازادی عیراقە بەداخەوە میدیای غەرب ئەو دەنگە انعکاس ناکاتەوە دەنگی ژنانی ئازادی خواز انعکاس ناکاتەوە لە نۆینەرانی کریکارنی نەوتی بەسرە تا بەغدا و شارەکانی تر و لەدەرەوە پشتیوانی هەیە ،داواکارم دەنگی ئەم قووتبە ئینسانی یە کە کار دەکات بۆ کۆتای هینان بەداگیرکاری وگیرانەوەی مەدەنێت بگەیەنرێت و پشتیوانی لێ بکرێت ،کۆنگرەی ئازادی عیراق نۆینەرایەتی جەبهەیەکی ئینسانی دەکات تێدەکۆشێ بۆ هێنانە سەرکاری حکومەتێکی عەلمانی غەیرەقەومی غەیرەدینی و بەدیهینانی مافێ هاولاتی یەکسان پیچەوانەی سیاسەتەکانی ئێستای ئەمریکا و تونی بلیر و حکومەتە دەسکەلاکەیان کە دژایەتی لەگەڵ سەرەتاترین مافەکانی خەڵکی مەدەنی عیراق دەکەن و تا ئێستا جگە لەتیکدانی شیرازەی زیاتری کۆمەڵگا هیچیتریان لە دەست نەهاتووە.

**دەشتی جەمال ئێوە وەك بەرپرسیاری ئاوارەکانی دەرەوەی عیراق لەگەل ئەو قسەیەی جیرمی کۆبن ئەندام پەرلەمانی بەریتانیا هەن هیزەکانی بەریتانیا و ئەمریکا بکشینەوە ،و لەسەر گۆڵدن براون سەرۆك وەزیرانی تازە چی دەڵێن؟**

بەڵێ.. جیرمی کۆبن هەمیشە هاوکارو لەریزی پێشەوەی دژی سیاسەتی شەرخوازانەو دژی جەنگ بووە لەگەل ریزی ملیونی خەڵکی دنیا  دژ بەم جەنگە راوەستاو کەسایەتی چالاك و هەڵسوراوی  ئەم مەیدانەیە ، ئێمە و گۆنگرەی ئازادی عیراق داوای دەست بەجێ کۆتای هینان بەداگیرکاری چوونەدەرەوەی هیزەکانی ئەمریکاو بەریتانیا و هاوپەیمانایان دەکەین داوا دەکەین ریگا بدەن بەخەڵکی عیراق خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن پشتیوانی بکەنە لەکۆنگرەی ئازادی عیراق هەروەك لە یابان و ئەمریکا پشتیوانی لەم پرۆژە عەزیمە دەکرێ هاوکاری ئەم دەنگە وە ئەم ریگا چارە ئینسانی یەی تربکەن ئەوەتا  چەند هەفتە بەر لەئیستا هیزەکانی ئەمریکا هیرشیانکردە سەر بارەگاکانی لەبەغدا و 5 ئەندامیان لێ دەستگیر کرا خۆشبەختانە بە فشار دەرەوە ناوەوە ئەندامانی ئەم رێخراوەیە ئازاد کرا من جارێکی تر لەم مینبەری ئێوەوە داوا دەکەم پشتیوانی جەبهەی ئینسانی و ئازادی خوازی بکەن لەعیراقدا لە کۆنگرەی ئازادی عیراق.

سەبارەت بە گۆڵدن براون هیچ ئومیدێك نی یە باشتر بێ لە توونی بلیر ئەجدنەی هەمان ئەم حکومەتە و دریژەی سیاسەتەکانی تاتشەر دەبەنە پێشەوە.

دەقەکەی دەتوانن بەدریژی لەسەر ماڵپەری  www.colourfull.radiow.coml گۆی لێ بێت.